# کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ

## 3- سیاسەت واتە هزراندن:

### سیاسی و سیاسەتی گەندەڵ

ئازاد حەمە

مەیلی سیاسەتکردنی لە خەلکی (هاولاتی) کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لە ترۆپکدایە. بەواتایتر, لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل سیاسەتکردن تابلێی بازاڕی گەرمە و هەموو خەلکیش حەز لە سیاسەتکردن دەکەن. بەلام نە سیاسەتکردن بریتیە لە حەز و نەش حەزەکەی ئەمان سیاسەت بەڕێوەدەبا. ئەوان کە لە پەراوێزی سیاسەتکردنن هۆی ئەمە تەنیا بۆئەوە ناگەڕێتەوە سیاسەتکردن لەم کۆمەلگانە بەپیشەسازیبووە یان لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل سیاسەتکردن تەنێ بۆئەوانەیە سەر بە قەبیلەێ سیاسیی دیاریکراون بەلکو هۆی سەرەکی ئەوە ئەوەیە سیاسەت لەم کۆمەلگانە بێ هزر گوزەردەکا. نەبوونی سیاسەتیش بە هزر عیلەتی گەورەی دەردەداربوونی سیاسەتە لەم کۆمەلگانە. بەخۆی عیلەتی بنەڕەتی بە گەندەلبوونی کۆمەلگەش لەسەرێدییەوە هەر بۆئەوەدەگەڕێتەوە کە سیاسەت تیایا لە بوارێ هزری بریتی نییە. بۆئەوەی پێوەندی نێوان سیاسەت و هزریش, ئەلبەتە بەکوورتی, ڕوونکەینەوە دەگەڕێینەوە لای فەیلەسوفی فەڕەنسی ئالێن بادیو.

بەبۆچوونی ئالێن بادیو سیاسەت بیرکردنەوەیە (هزراندنە). واتە, لە سیاسەتدا واتا و تیۆری ئەلبەتە نەختێ فەلسەفەش هەیە. ئەمەو ناوبراو لە سیاسەتدا کردە(فیعل) ش(واتە کردەی سیاسی) دەدۆزێتەوە و لەهەمانکاتیشا سیاسەت بەجۆرێ وێنەدەکا کە کار بۆ چارەسەرکردنی دۆزێ کۆنکرێت دەکا. بۆیە بۆ بادیو بیریارە سیاسیەکان (لینین, رۆبسپیێر, جیفارا) ئەو حالەتانەیان تیابووە وەک بیرمەندی سیاسی ببینرێن (بادیو: بیری ناپایان, لاپەرە 79). بەلام ئەم بیرکردنەوەیە بەبۆچوونی بادیو لەنێوان هێپۆتێزی تیۆری, گوزارە و دۆزی تایبەت (سینگولەر)دا دەخولێتەوە. کاتێ بیرکردنەوەش بەمجۆرە دەبێ خۆی وەک بزووتنەوەێ دەگمەن دەردەخا (هەمان لاپەرە و سەرچاوە). ئەم بۆچوونە فەلسەفییەش بۆ سیاسەت ئەو دەمە ڕاستی خۆی دەستنیشاندەکا کە بیرکردنەوەی (هزراندنی) سیاسی بیریاری(هزرەڤانی) سیاسی بەرهەمهێنەری بێ نەک تاکی سیاسی کاوێژکار و بیری(هزری) سیاسی دوبارە و کاوێژئامێز. بەلام بۆئەوەی بیریاری سیاسی یان بیرکردنەوەی سیاسی هەبێ پێویستە دۆزی سیاسی هەبێ. چونکە دۆزی سیاسی توانای درووستکردنی ڕووداوی سیاسی هەیە. ئەو دەمەش ڕووداو درووستدەبێ ڕاستی سیاسی دێتەدونیا. ئەم لایەنانە کە پێکەوە گرێدراون (واتە دۆز, ڕووداو و ڕاستی) بارێ دێننەپێشێ سیاسەت تیایا وەک بیرکردنەوە تەماشادەکرێ نەک حالەتێ لە کاوێژکردن و جووین ئەلبەتە نەش وەک وازی (وازی سیاسی لێرە مەبەستە). بۆئەوەی هەل و مەرجێ لەنێوان ئەم چەند دێرە و ئەوی مەبەستمانە تایبەت بە باری سیاسی یان کردەی سیاسەتکردن لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بدۆزینەوە بەپێویستی دەزانین ڕونکردنەوەێ کورت لەوڕووەوە بەردەست خوێنەری ئەم زنجیرە نووسینەبخەین کە تایبەت بە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەینووسین.

قسەکردن لەسەر کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس زۆر پێویستە بە قسەکردن لەسەر تاکی سیاسی و پرۆسەی سیاسەتکاری ئەم کۆمەلگەیەوە تایبەتکرێ. لەبەرئەوەش لە کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس دا شتێک نیە پێیبلێن هزری سیاسی و, ئەلبەتە هزرەڤانی سیاسیش , بۆیە باس لە سیاسەت باسدەبێ لە شتە نا-

هزریەکان و ئەو بوار و لایەنانەش کە نا- هزری تیا پیادەدەکرێ. هەروەک ووتمان لە کۆمەڵگەی ناوبراو نە هزری سیاسی هەیە و نەش هزرەڤانی سیاسی بەلام لەبڕی ئەوە دەشێ بووترێ کە تاکی سیاسی جۆراوجۆر هەیە و هەریەکەش لەو تاکانە لە هەوای سیاسی خۆیانان. بەلام ئەوی گشت تاکە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی گەندەل کۆدەکاتەوە دووشتە: یەکەم هەموو تاکە سیاسیەکان بەشداریخۆیانیان لە بەگەندەلاویکردنی سیاسەت دا هەیە و دووەمیش سیاسەت, یان کردەی سیاسی, بۆ ئەم تاکانە لە هزراندن (بیرکردنەوە) بریتی نییە بەلکو لە پرۆسەیکی سیاسی کاوێژئامێز و یاریئامێز. ئێمەش لەم بەشەی نووسینەکەمان دێینەسەر ئەم دوولایەنە.

پێشئەوەی بێینە سەر درێژەی نووسینەکەمان بەلامانەوە مەبەستدارە خوێنەر لەوە بەئاگابێ لەم بەشە کە باس لە تاکی سیاسی و سیاسەت , یاخود کردەی سیاسی, دەکرێ باس لەو کردە سیاسی و تاکە سیاسیە دەکرێ لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەژی. چونکە بۆ ئێمە سیاسەت,یان کردەی سیاسی, و تاکی سیاسی جۆاوجۆرە و لەگشت کۆمەلگە و قۆناغ و دەمێ وەک یەک نییە. بۆنموونە کردەی سیاسی و تاکی سیاسی لە کۆمەلگە تۆتالیتاری و دیکتاتۆریەکانا وەک کۆمەلگە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان نییە. لێرە مەبەست لە کۆمەلگە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان ئەو کۆمەلگانەن بەڕاستی هەنگاوی دیموکراسی دەنێن. لەمیانەی ئەم نووسینەش بە فیعلی ئەم کۆمەلگانە لەو کۆمەلگانە جیادەکەینەوە کە کۆمەلگەی دیموکراسیی نا- ڕاستەقینەن کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی تازەی کوردیدا جیاوازی لەنێوان ئەم دووجۆرە کۆمەلگە دیموکراسییە ناکرێ. چونکە ئەو دۆزەی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا ئەمئێستا پیایتێدەپەڕێ جۆراوجۆر و نا- هاوشێوەیە , واتە مۆدێلهاێ زۆری دیموکراسی هەیە و بواری هەلبژاردن و جیاکردنەوەش شتێ تابلێی واریدە. بۆنموونە ئەو ئاڕاستەیە لە دیموکراسی لە ولاتێ وەک سوید یان دانیمارک بۆ نموونە هەیە نەک هەر ناشێ بەو ئاڕاستەیە لە دیموکراسی بەراووردکرێ لە بولگاریا یان ڕوسیا هەیە بەلکو ناشێ بەو ئاڕاستەیەش لە دیموکراسی بەراووردکرێ لە ولاتێ وەک ئەمەریکاش هەیە. چونکە ئاڕاستەی دیموکراسی ولاتانی پاش داڕمانی کۆمۆنیزم تابلێی ئاڕاستەێ نا-سروشتی و ماندووە بەلام هەرچی ئاڕاستەی دیموکراسی هەندێ لە ولاتانی ڕۆژئاوایە لەهەندێ ڕووەوە بەشتکراوە و لەلایەن هێزی سەرمایەداری گلوبالیشەوە بەڕێوەدەبرێ و ئەم جۆرە ئاڕاستەیەش هەرگیز ناشێ بەو ئاڕاستەیە لە دیموکراسیەت بەراوردکرێ لە ولاتێ ئەسکەندەنافی وەک سوید یان نەرویج هەیە. بۆیە لە ئەدەبیاتی سیاسی هاوچەرخی کوردی ئێمە دەبێ جیاوازی لەنێوان دیموکراسی خولقێنەر و دیموکراسی بازاڕیبکەین هەروەها جیاوازی لەنێوان دیموکراسی مافیای و دیموکراسی سروشتیش بکەین. هەروەک ووتیشمان ئەو جۆرە ئاڕاستەیەی لە دیموکراسی لە ولاتانی ئەسکەندەنافی بالادەستە زۆرتر ڕاستەقینە و سروشتی و سۆسیالییە لەو جۆرە ئاڕاستەیە لە دیموکراسی لە شوێنێ وەک ئەمەریکا سەرووەرە. چونکە ئاڕاستەی دیموکراسی لە شوێنێ وەک ئەمەریکا ,کە حەیف بووشە بە سیمبۆلێ بۆ ئازادی تاکەکەس لە جیهانا, دیموکراسیەتێ تابلێی سەرمایەداری و بەشتکراوە (فیتشییە). ئێمە نامانەوێ ئەم نووسینە بە باسی جیاوازی دیموکراسی سروشتی و واتای ئازادی ڕاستەقینە لە دیموکراسی و ئازادی بەشتکراو یان فیتشی (بەبتکراو) تایبەتکەین بەلام گرنگیشە خوێنەر لەوڕووەوە بەئاگابێ کە کۆمەلگەی گەندەل نەک هەر لە سیاسەتکردن بەلکو لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی واتای دیموکراسیەتیش ,کە پرۆسەێ هزری ئالۆزە و تاکی سیاسی و تاکی ئاسای کۆمەلگە کاریبۆدەکەن, ئەزموونی خۆی هەیە. ئەم لایەنە ,کە دواتر بەرباسدەخرێ, نیشانەێترە لەسەر ئامادەبوونی بێهزری سیاسی لەم جۆرە کۆمەلگەیە. ئەم جۆرە کۆمەلگەیە کە جیهانێ تایبەت بەخۆی هێناوەتە دونیا لەگشت کۆمەلگەێکیش شتێکی قەرزکردووە. بۆیە زۆرئاسایە تاکە سیاسیەکانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل جارجارە هەندێ واتا و بۆچوون و وێنەی سیاسی لە کۆمەلگەێ دیموکراسی ڕۆژئاواییەوە وەرگرن و جارجارەش لە کۆمەلگەێ دیکتاتۆری و تۆتالیتاریی یان قەبەلییەوە. لەم ڕووەشەوە هیچ

دورناڕۆین گەربلێین گەلێ ڕەفتار و دیتن و بڕیاری سیاسی ئەمڕۆی گەلێ لە تاکە سیاسیەکانی کوردستان یان سەرچاوەێ ڕۆژئاوابیان هەیە یانیش لە یەکێ لە سیستەمە سیاسیە زۆرداریەکانی جیهانی عەرەبی-ئیسلامیەوە وەرگیراون. بۆنموونە سێستەمی باجی کوردستان نە ئەمەریکییە و نەش دانیمارکی بەلام کۆکتێلێکە لە سێستەمێ دیکتاتۆری عەرەبی و نیوە مەدەنی وەک ولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات.بەلام نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ, کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل هەمیشە داهێنان و ئەندازیاری خۆشی هەیە. بۆنموونە لەبەرئەوەی سیاسیەکان لەمجۆرە کۆمەلگەیە خۆیان بەشێکن لە بازاڕ و بەرژەوەندیێ زۆر بە بازاڕەوە گرێیان دەدا بۆیە لەو بوارانەی بە کاروباری ئابووریەوە تایبەتن بەرژەوەندی پرۆژە و کارەکانی خۆیان دەپارێزن , واتە چاوێکیان هەمیشە لەسەر دۆزی بازاڕە. بۆیە تاکە سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل, کە بیرپەرت و دەمدەمی و تێگەیشتن نا-قوول و سەرپێین, لەگەل ئەو سێستەمە سیاسی و ئابووریە پسمامن کە تائەوپەڕی نا- کۆنکرێت و نا- یەکانگیرە. لە هەچ کۆمەلگەیێکیش سێستەم بەوجۆرە بێ لە گەندەلی زیاتر هیچ شمەکێ تر بەرهەمناهێنێ. گەندەلی کە دوا پیشەسازی ئەمجۆرە کۆمەلگانەیە سیاسەت هێجگار لێبەرپرسیارە.

لێرەوە دێینەسەر ناواخنی ئەم بەشە و بەپێویستیشی دەزانین ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە, ئەو دەمەی گەندەلی دەبێ بە ڕۆحی سیاسەت ئەوا سیاسەت دەبێ بە بەرهەمهێنەری گشت جۆرەکانی گەندەلی (لێرە مەبەست لە سیاسەت گشت سیاسەت نییە بەلکو تەنیا ئەو سیاسەتەیە کە گەندەلاوییە). ئەو دەمەش کە سیاسەت دەبێ بەمە, واتە کە سیاسەت گەندەلاوی دەبێ, پێویستە بپرسین بۆ دەبێ سیاسەت ویستی گەندەلکردن بێ؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمانەوێ لەوێوە دەستپێکەین کە سیاسەت لەمحالەتانەدا ئەمەی بەسەردێ چونکە سیاسەت وەک کردەێ مرۆی لەوەدەکەوێ هزری بێ. سیاسەتیش کە نا-هزری دەبێ گشت شتێکی لێدەوەشێتەوە بیکا. ئەمەو گرفتی سیاسەتە نا-هزریەکان ئەوەشە کە نا-مرۆی دەبن ئەلبەتە نا- مرۆییبوونی سیاسەتیش گەلێ فۆڕمی هەیە ڕەنگە تۆتالیتاریەت(بۆنموونە فاشیزم) یەکێ بێ لەوانە بەلام ئەوەشمانبیرنەچێ کە تۆتالیتاریزم ترۆپکی نامرۆیبوونی سیاسەتیشە. ئەمەش زۆر پێوەندی بە ژێرخانی ئابووریەوە نیە لە چ ئاستێکدا دەبێ. بۆنموونە ولاتێ وەک عێراقی جاران کە ئابووریێ بتەوی هەبوو توانی تۆتالیتاریەت بەرهەبهێنێ بەلام نەک گەندەلی, یان نەک گەندەلی لەو فۆڕمەی لە سوریا یان کوردستانی ئەمڕۆ , تەنانەت خودی عێراقی ئێستاش بۆنموونە , هەیە. گرفتی سیاسەتە تۆتالیتاریەکان ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیستن و بەجۆرێ کاراما(زیرەکانە)ش نامرۆین. بەلام ئەمە لەتەک دۆزی سیاسی گەندەلاوی نە کوردستانی ئەمڕۆ یەکدەگرێتەوە و نەش ولاتێ وەک ڕوسیای ئەمڕۆ. کەواتە دۆزی سیاسی کوردستانی ئەمڕۆ نە لە دۆزی سیاسی سەردەمی بەعسی فاشیست دەکا و نەش لە ولاتێ وەک ڕوسیا یان سوریای ئەمڕۆ. چونکە گرفتی دەولەتی بەعسی عێراقی ئەوەبوو کورد کەسایەتیێ سیاسی نەبێ و هەروەها تاکی کورد قەد خۆی نەبێ. بەلام گرفتی ڕوسیای ئەمڕۆ جیایە. چونکە لە ڕوسیای ئەمڕۆ دیموکراسیەتێ بازاڕی و بەکالاکراو لەگشت کوچە و گەڕەکێکی ولاتا بەرکەمالە بەلام ئەم دۆزە گەر بە دۆزی سیاسی سەردەمی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بەراوردکرێ دەشێ بلێین دیموکراسیەت لە سەردەمی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لە دیموکراسیەتی کپکردنی دەنگی زۆرینە و بەهادارکردنی دیوکراسیەتی تۆتالیتاری بریتیبوو کە خۆشی بەچارەی هیچ سێستەمێ سیاسی نەدەهات ئەوی خۆی نەبێ. بەلام لە حالەتی ئەمڕۆی کوردستان هاوکێشە سیاسیەکان جوداوازن. چونکە لە کوردستانی ئەمڕۆ دیموکراسیەت ئەوەندە هەیە تائەوڕادەیەی دیموکراسیەت خەریکە قێزەوەن دەبێ. هۆی ئەم لایەنە, واتە هۆی ئەوەی دیموکراسیەت قێزەوەن دەبێ چییە؟ هۆی ئەوە ئەوەیە دیموکراسیەت هیچنەگۆڕە. واتە دیموکراسیەت هەیە بەلام توانای گۆڕینی هیچ شتێکی نیە نە بڕیارێ سیاسی نەش ڕەفتارێ کۆمەلایەتی بۆیە دیموکراسیەت ئەوەندە شیرین نییە. دیموکراسیەتیش کە نەیتوانی گۆڕانکاریهێنەر بێ نە خودی سیاسی دروستدەبێ نەش دێمۆس(عامە, خەلک)

ئەهەژێنێ. ژاک ڕانسیێریش هەلەناکا کاتێ دیموکراسیەت بە دەرکەوتنی دێمۆسەوە گرێدەدا(ژاک ڕانسیێر: نارێکەوتن: سیاسی و فەلسەفی , لاپەڕەکانی پاش فەسلی میتاپولیتیک). چونکە دێمۆس سینۆنیمی (هاوشانی ) دیموکراسیەتە و دیموکراسیەتیش بێ ئەو گێژ و وێژ دەخولێتەوە. لە حالەتی ئەمڕۆی کوردستانیش ئەم دیتنە دەقاودەق کاریگەرە. چونکە خولانەوەی دیموکراسیەت بەبێ ئامانج لەناو عامەی خەلک , یان ئەوەی دیموکراسیەت لە پێوەندیدانەبێ لەتەک عامە , ئەمەلایەنە وادەکا دۆزی سیاسی کۆمەلگە گەندەل بێ و خودی سیاسیش تەوەزەن و نا- بەرهەمهێنەر. لەسەرێترەوە ئەم دەرئەنجامە هەلومەرجێ ئەوتۆش دێنێتەپێێشەوە تێگەیشتن بۆ سیاسەت, بۆ کردەی سیاسی, گەندەلانە و کۆلاپسانە بێ.
سەیرەکەش لەوەدایە سیاسەت لەبەرئەوەی لەم حالەتە ئەنتی- هزرە تابلێی نا-بەرهەمهێنەریشە. کەواتە لەبەرئەوەی سیاسەت وەک هزر تەماشاناکرێ , سیاسیش وەک هزرەڤان نابینرێ, ئەمە وادەکا دۆزێ ئەوتۆ لە کۆمەلگە بێتەپێش خەوشەکانی سیاسەت و تاکی سیاسی وەک خۆی نەبینرێ. هەروەها لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کۆمەلگانە لەهەندێ لە قۆناغەکانی ژیانا تاکی سیاسی وەک خواوەندێ تەماشاکردوە بۆیە گشت خەلک, یان زۆرینە, لەوباوەڕەدا نین ئەوە نا-هزری تاکی سیاسیە ئەم نەهامەتیانە دێنێ هەروەها بێ- هزری سیاسەتە بەوەیانیگەیاندووە کە ئێستا تیاین. بۆیە زۆرینەی کۆمەلگەی گەندەل دەبێ سەرلەنوێ پێناسەی واتای وەک سیاسەت و سیاسی بکاتەوە بەلام پێناسەکە نابێ لە پێناسەی تاکی, هاولاتی, ئەم کۆمەلگەیە دابڕدرێ. ئەوەش کە ئەم کۆمەلگانە ئاوا سێری سیاسەت و سیاسی دەکەن لەگەلێ سەرەوە پێوەندی بە خودی باری ئاگایی سیاسی ئەم کۆمەلگانەوەیە هەیە پێش بە کۆلاپساویبوون و بەگەندەلاویبوونیان. هەر تایبەت بەم لایەنەش تیۆریەک هەیە کە بەمجۆرەیە: هەندێ بۆئەوەدەچن شوێنێ وەک کوردستان, کە لەژێرسایەی ستەم و جەورێ زۆری سیاسی بووە, بیرکردەی سیاسیەکانە لە ستەم و جەور ڕزگاریبووە. خۆی ئەمە گریمانێ سیاسی هەلە و ناتەواو نییە بەلام ناشکرێ ئەمە بکرێ بە بەهانە بۆ مانەوە لەناو گەندەل و کۆلاپس یان گۆڕینی ستەم و جەور بە گەندەل و کۆلاپس. چونکە کاری چ تاکی کۆمەل بەگشتی و چش تاکی سیاسی بەتایبەت هەنگاونانە بەرەو گۆڕین بەهیوای باشترکردن و ڕاسترکردنی شتەکان. واتە تاکی کۆمەلگەی کوردەواری بۆلەمەولا نابێ شەرمی ئەوە دایگرێ ئەم تاکە سیاسیەی ئەمڕۆ ڕابەرایەتیدەکا قارەمانە سیاسیەکەی دوێنێیە کە بەگژ دیکتاتۆرا دەچووەوە. ئەم گریمانە ئەو دەمە دەشێ ڕاستبێ کە تاکی سیاسی ڕەفتارهزرەڤان و بیرتیژ و خەیالقوول بێ نەک گەندەل و بێباک و کەمترخەم. بۆیە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی سیاسی و ئەرکەکانی هەروەها سیاسی و مافەکانی لەئێستای کوردستان زێدە گرینگ و پێویستە. ئێمە ئەوەش دەلێین کە سیاسی, وەک گشت تاکەکانی تری کۆمەلگە, شایانی ئەوەیە مافەکانی لە کۆمەلگە بەدەستبهێنێ بەلام سیاسی دەبێ لەوەش بەئاگابێ مەرجە توانای بەجێگەیاندنی ئەرکیشی هەبێ. ئەو کە هزرەڤانی کۆمەلگەیە و نوێنەری زۆرینەی تاکەکانیشە لەبڕیئەوە پێویستە بیرخاوێن و خەیالبەرین و قوولبێ نەک خۆپەرست و مشەخۆر و وێرانساز. چونکە گەر تاکی سیاسی بێباک و بێهزر و بیرکورت بێ هیچی لە زۆربەی تاکەکانی تری کۆمەلگە جیاواز نابێ بەمەش کۆمەلگە نەک هەر دەبێ بە گەندەلستان بەلکو دەبێ بە دۆزەخێکیش بۆ گشت تاکەکانی کۆمەلگە. ئەمەش کە برینی سیاسی دروستدەکا سارێژکردنی سانا نییە.
بەپێی ئەو چەند دێڕەی لایسەرەوەش بێ پێدەچێ نا-هزرەڤانی تاکی سیاسی کۆمەلگە شتێ زۆر مەترسیدار بێ و ڕەنگە گەندەل و کۆلاپسیش بەشێ بن لە ئاکامەکان. چونکە هاتنی زۆرداری سیاسی بۆ کۆمەلگە ڕەنگ نیە هەر بەری کودەتاێ سیاسی سەربازی یان گۆڕانێ ئایدیۆلۆژی توند بێ لە سێستەمی سیاسی ولات ڕەنگە و زۆر ئاسایشە گەندەل و کۆلاپسیش توانای هێنانی ئەو ئەزموونە سیاسیە تال و ژەهراویانەی هەبێ (لێرە مەبەستمان ئەزموونی سیاسی زۆردارییە). بەلام بۆکەمکردنەوەی ئەو مەترسیە و دوورکەوتنەوە لە گریمان گرنگترین شتێ دەشێ لەم حالەتانەدا بکرێ پێکەوەکارکردنی تاکی سیاسی و تاکی ئاسای

کۆمەلگەیە. تاکی سیاسی کە پێویستە کاوێژی ئەزموونە سیاسیەکانی مێژووی خۆی نەکا و پارێزەری دەستکەوتە نەتەوەیەکانیش بێ,کە ئازادی و ئاسایش بەشێکن لێی, مەرجە لەتەک تاکاکانی کۆمەلگا ڕاستگۆ و کراوە و خولقێنەر بێ. ئەمە کە سەختە زوو و ئۆتۆماتیکی بێتەدی کارکردن و بیرکردنەوەێ زۆری دەوێ. چونکە خودی کردەی سیاسی تێکەلێکە لە کردەی بیرکردنەوە و پێکەوە کارکردن. ئەم پێکەوەکارکردنە کە ئەستەمە بەئاسانی بێتەدی پێویستی بەوەیە لەلاێ تاکی ئاسای کۆمەلگە ئەو باوەڕەی لا دروستبێ سیاسی واتە هزرەڤان و سیاسەتیش واتە کردەێ لە هزراندنی ئالۆز. بەلام ئەم تاکە ناکرێ و ناشێ ئەم دیتنەی لادروستبێ گەر خودی سیاسی وەک هزرەڤانێ هزرتیژ, هزرڕوون و هزرقوول ڕەفتارنەکا. لێرە مەبەست لە گوزارەی ڕەفتارکردنی سیاسی دیسانەوە هزراندنە. چونکە تەنیا لەڕێگای هەلسوکەوتە هزرەڤانیەکانەوە دەکرێ و دەشێ تاکی کۆمەلگە لە هەنگاو و ڕەفتارەکانی تاکی سیاسی کۆمەلگە بگا. بەشێ زۆریش لەئێمە دەزانین و و چاکیش لەوەدەگەین کە زۆربەی کۆمەلگەکانی گەندەل, بۆنموونە کوردستان, ڕابردویێ تال و تراژیدیئامێزیان هەبووە بەلام ئەم لایەنە نە پاساودانی ئەو گەندەل و کۆلاپسە ئابووری و ئیداری و سیاسیە دەکەن جەستەی کۆمەلگەی هەلاهەلاکردوە نەش تیماری هیچ یەکێ لەو تالی و تراژیدیایانە دەکەن بە ملی مێژووی ئەم کۆمەلگانەوەیە بەلکو بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە کۆمەلگانە کە بەم جۆرە نەهامەتیە سیاسی و ئابووری و یاسایانە تێپەڕیوون و تێدەپەڕن گەر زوو کار بۆ چارەسەرەکردنی کێشەکانیان نەکەن زۆر ئاساییە ببنە مۆلگەی چەندین گرووپی ڕقپەرست و زەبرخواز و پاتۆلۆژی (بۆنموونە تاقمەکەی کابرایناوبراو بە شێخ زانا). بۆیە گەڕانەوەی هەردوولا, تاکی سیاسی و تاکی ئاسای کۆمەلگە, بۆناو هەناوی کۆمەلگە تاکە چارەسەرێکە لەبەردەم کۆمەلگەی گەندەل.

ئەوەی سیاسەت هزراندنە (بیرکردنەوەیە) ئەمە باوەڕێ فەلسەفییە و پرۆسەێ ئالۆزی فەلسەفیشی لەپشتەوەیە. چونکە سیاسەت نە ئەو وازیگا (گەمەگا) یەیە بەشێ زۆر لە سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس بۆیدەچن و نەش ئەو هاوینەهەوارە نەتەوەییە هەر هاولاتێک بیەوێ بەئارەزووی خۆی پشوویتیابدا. ڕەنگە لەئایندەێ دوور دوای کارکردن و بیرکردنەوەێ زۆر بەری سیاسەتکردن ببێ بەو هاوینەهەوارە و هەموو پێکەوە پشوویتیابدەن بەلام هیچ کات شوێنێ نییە بۆ وازی, وازی سیاسی , هیچ نەبێ لەو شێوە وازیە سیاسیانەی لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا باون,کە کتومت ئەوانەش لە کوردستانی ئەمڕۆدا وەبەردەهێنرێنەوە. بۆئەوەی ئەویدەیلێین پتر مانادارتریکەین دەمانەوێ دانبەوەبنێین کە گشت سیاسەت گەندەلی بەرهەمناهێنێ و بەلکو تەنیا ئەو جۆرە سیاسەتکردنانە گەندەلی هێنەرن کە لە کۆمەلگەی کۆلاپسدا پیادەدەکرێن. واتە لە خاسلەتە سەرەکیەکانی سیاسەتکردن لە کۆمەلگە کۆلاپساویەکان ئەوەیە سیاسەت وەک بوارێ هزری تەماشاناکرێ و بەلکو سیاسەت بەزۆری بەشێکە لە یاریێ (وازیێ) گەورە کە لەو شوێنەی کەسێ دەدۆڕێ کەسێتر براوەیە ئەم وازیە کە کەم کورد بەسەرکەوتووی لێیهاتۆتەدەر بووە بە فاکتەری سەرەکی بۆ سیاسەتکردنەکانمان. لێرەوە دەمانەوێ بلێین, بەشێ زۆر لەو وازیە سیاسیانەی جارجارە لەتەکمانا کراوە و جارجارەش لەتەک یەکا کردومانە نیشانەن لەسەرئەوەی تێگەیشتنی ئێمە بۆ سیاسەت تێگەیشتنێ سوفستاییە. بۆئەومەبەستەش دەلێین گەر ئەو یاریە سیاسیانەی کورد لەتەک دوژمنانی کردونی بە زیانی کوردگەڕابێتەوە ئەوا کورد لەو یاریە سیاسیانەی لەتەک خۆ و لەناو خۆشیاکردونی هەر بە زیانی خۆی ,واتە کورد, گەڕاونەتەوە. چونکە لەو شوێنەی کورد براوە بووە کورد دۆڕاویش بووە ئەمەش لەبەرئەوەی تەرەفی دووەم دیسانەوە کورد بووە کە دۆڕاو بووە. ئەگەر دۆڕانیش بەشێبێ لە ڕابردوومان پێیمانوایە ڕابردوو دەبێ شیکرێتەوە. ئێمە دەلێین شیکرێتەوە نەک بپەرسترێ یان بەردەوام بجووێنرێ(جووین لێرە مەبەستە).

لەوی لایسەرەوە ووتمان مەبەست تەنیا ئەوەنەبوو بلێین سیاسەت نەک هەر وازی نیە بەلکو جووینی ڕابردووش نیە. بەلام ئەوەی سیاسەت جووینی ڕابردوو نیە بەو مانایەناێ ئێمە لە هەلدانەوەی ئەو لاپەڕانە

کەمترخەمبین ئەوەمان بیردەخەنەوە چرکە سیاسیەکانی ڕابردومان نا-لۆژیکی و نا- ماتماتیکی بوونە. ئێمە دەبێ ڕابردووخوێنێ هزرکار و هەستتیژبین بەلام نەک بەومانەیەی لە ڕابردووا بژین. هۆی ئەوەی ئێمە دژی ئەوەین ناشێ ڕابردووپەرستبین بۆئەوەدەگەڕێتەوە ئێمە لە مێژووی سیاسیمانا هەمیشە خەریکی هەلدانەوەی ڕابردووی سیاسیمانبووینە و هیچپشیلێوەفێرنەبووینە. بەواتایدی, ئێمە ناشێ لەسەر حسێبی تێگەیشتن لە ئێستای سیاسیمان بەردەوام بگەڕێینەوە سەر ڕابردوو بەلام لەبەرئەوەی ڕابردووی سیاسی ئێمە تابلێی بیمارگا و کاولگا بووە بۆیە تائەو شوێنە دەشێ ئاوڕیلێدرێتەوە کە بوارێبێ بۆ لێوەفێربوون. بەلام نەک بۆ کوشتنی هەنووکەی سیاسیمان بەلکو بۆ دوبارەنەکردنەوەی ئەوی شکست و بەتالی و جووین بوونە. چونکە هەنووکەی سیاسیمان کە دروستکەری ئایندەشمانە دەبێ لەسەر بناغەی ئەو سیاسەتە دامەزرێ هزر بەرهەمهێنەربێ بۆئەوەی سیاسەتیش هزر بەرهەهێنەربێ پێویستی بەوەدەبێ ڕاست بێ. واتە تەنیا سیاسەتی ڕاستەقینە دەتوانێ هزربەرەمهێنەر بێ. چونکە جۆرەکانی تری سیاسەت (دیماگۆگی, هەلپەرست و تاکڕەو, تادەگاتە سیاسەتی نامرۆیی) ناتوانن هزربەرهەمهێنەر بن نەک هەر لەبەرئەوەی تاکی سیاسی بیرمەندئاسا کارناکا بەلکو خودی کردەی سیاسیش لەناو ئەم جۆرە سیاسەتانەدا زۆر نا- لۆژیکی و ناخولقێنەرە.

بۆیە سیاسەتی ڕاست و هزرئامێز پێویستی بەوەنیە هەمیشە پاێکی لەناو مێژوو بێ بەتایبەت ئەو سیاسەتانەی مێژوویێ بیمار و بێ هزریان هەیە. بەلام ئەم حالەتە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەمجۆرە نییە. لەبەرئەوەی سیاسەتی , سیاسەتکاری, کۆمەلگەی گەندەل ناتوانێ هەمیشە قاچێکی لەناو ڕابردوو نەبێ. ئەم (سیاسەتی کۆمەلگەی کەندەل) ئەمە لەبەرئەوە ناکا تا ئەو ئەزموونە تالانە دوبارەنەکاتەوە کە تیایژیاوە بەلکو لەبەرئەوە ئەمە دەکا تا بە تاکی ئێستای کۆمەلگە بلێ فەرموو"" ئەوە ڕابردووتە و من بەمەم گەیاندوی"". واتە تاکی سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو لەڕووی سیاسییەوە لەوە ناگا ئێستای کۆمەلگە کاولگا و خەراباتە بەلکوئەوەی ئەو هەمیشە لەبەرچاوی دەگرێ ئەوەیە""مەڕەکان ترسی گورگەکەیان لەسەر نەماوە"". لەوە سەیرترئەوەیە سیاسی کۆمەلگەی گەندەل  نایەوێ لەوبگا ئێستا مەڕەکان لەبەر هێرشی گورگی تردان بەلکو ئەو هەر ئەو قەوانە سیاسیە دەچرێ کە ئیدی دیکتاتۆر نەما و لەسێدارەدرا. ئەم درامایەش زۆر لە درامای ڕووسەکان دەچێ. بۆنموونە ئەو عەزابە سیاسیەی هاولاتی ڕووسی سۆڤیەتی جاران لەژێرسایەی تۆتالیتاریزمی ستالین دەیژیا ئێستا لەژێرسایەی ئەو ئابووریزمە ئەهریمەنە دەیژێ سەرمایەدارێ بەڕەلا و بێ سنوور بۆی دروستکرووە. بۆیە گەورەترین گرفتی سیاسی ئەوە نیە لە هەنووکە نەژی بەلکو ئەوەشە بەردەوام ئەوە بجووێتەوە هەمیشە جوویەتەوە.

ئەوی لایسەرەوەش باسکرا تاکە گرفتێ نیە تاکی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەهۆی سیاسەتێ نا- هزری و نا- لۆژیکی دەیژێ بەلکو ئەم تاکە گەلێ حالەتیتریش دەژی کە هەرهەموو تائەوپەڕی گرفتهێنەر و دژواریدروستکەرن. یەک لەوانەش کە لێرە شایانی باسە ئەوەیە سیاسی کۆمەلگەی گەندەل سیاسیێ بێ گفت و هەلپەرستە. ئەم خاسلەتەش وایلێدەکا ئامادە نەبێ بیری دوور و تیژی هەبێ. ئەمەو ئەم جۆرە سیاسیانە خەیالی سەرلەنوێ دروستکردنەوەشیان پچڕپچڕ و پەرت و نایەکانگیرە. لەبەرئەوەش سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو بەزۆری و تەنیا لە هەولی پاراستنی بەرژەوەندی قەبیلە سیاسییەکەی خۆیدایە زۆر ناپەرژێتە سەر ئەو وردەکاریە سیاسیانەی شیاویی ئەوەیانتیایە ژیانی تاک لە کۆمەلگە بگۆڕن و ئابووری (سامانی) نەتەوەش بپارێزن. هەر ئەم خاسلەتەش وا لە سیاسی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس دەکا بێباک و کەم بین بێ. یان تاکی سیاسی کۆمەلگەی گەندەل ئەوەندە باکدارە و ئەوەندەش دووربینە کە لە شار و ناوچەکەی خۆی ڕوودەدا. واتە ئەوەی لەدەرەوەی سنووری سیاسی , باشترە بلێین حیزبی, خۆی ڕوودەدا نە باکداری دەکا و نەش زۆربین. بێ باکی و کەم بینی کە نابێ لە سیاسیدا هەبن لە کۆمەلگەی گەندەل بۆ سیاسیەکان بەهەموو شێوەێ بووە بە نیعمەتێ ئەوپەڕی سیاسەتیبەسەرەوەدەکرێ. بۆئەوەی لەم یاریەش

بەئاسانی بێتەدەرێ سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو قەد ناخوازێ ئەم کۆمەلگەیە لە مێژووەکەی داببڕدرێ.
هەربۆیە سیاسی کۆمەلگەی گەندەل زوو زوو باسی جەور و ستەمی زۆردارانی ناو مێژوو دەکا چونکە بەوە لەلاێ دەتوانێ پاساودانی بێ باکی و کەمبینی خۆی بکا و لەلایێتر مێژووش ( مێژووی سیاسی نەتەوە لێرە مەبەستە) بەوە تاوانباردەکا بەرامبەر بە تاکی کۆمەل(کورد لێرە مەبەستە) بێوەفا و بێ بەزەی بووە. وەک بلێی مێژووی سیاسی نەتەوە کابراێ بێ و غەدری لێکردوبێتین و چیمان هەیە لە سامان و هزر بۆخۆی بردوبێتی . هەربۆیشە مێژوو یەک لەوشتانەیە سیاسی کۆمەلگەی گەندەلی کوردستان بەبەردەوام دەیلاوێنێتەوە و جارجارەش تۆمەتی عەجیب عەجیبیشی دەخاتە پال. بەلام سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو نازانێ دروستکردنی شتێ بەناوی مێژوو و ڕەجمکردنی تیماری ئەو کۆلاپس و گەندەلە سیاسیە ناکەن جەستەی سیاسی نەتەوەی هەلاهەلاکردوە. بەلکو ئەوەی تیماری دەردی ئەم جەستەیە دەکا ئەوەیە کە سیاسی کورد, سیاسی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل, پێویستە وەک بوارێ لە هزر تەماشای سیاسەتکا. نەبوونی سیاسەتیش بە هزر و تەماشانەکردنی سیاسی ئێمە بۆ خۆی وەک هزرەڤان مانای بۆ بوونی گەلێ لەو دیتنە سیاسیە چەوت و کەم تەمەن و ناقوولانە هەن ڕۆژانە کارگەی سیاسەتکردن لە کوردستان بەرهەمیدێنێ.
سەبارەت بەوەش لە دوادێڕی پەڕەگرافی لایسەرەوە ووتمان دەمانەوێ ئەوەش بلێین , کارگەی سیاسەتکردن لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کارگەێ هێجگار داوەشاو و کالا(شمەک) خراپە. ئەندازیارانی سیاسی ئەم کارگەیە متمانەیان بە کرێکار و کڕیار نییە. ئەم کارگەیە بۆئەوەی باشترین شمەک یان بەرووبووم بەرهەمبهێنێ پێویستی بەوەیە هەندەسەی دامەزراندن و بیناسازی ئەو ساختمانە بگۆڕێ بووە بە شوێنی کارگەکە. ئەم کارگەیە بۆئەوەی کالای تایبەت و نرخبەها دروستکا پێویستی بەوەیە لە ژینەگەێ ئایدیۆلۆژی خاوێن دا کاریخۆیبکا ئەم کە ئەمە ناکا ناتوانێ ژینگەی سیاسی خۆشی بپارێزێ. ئەم کە ئەمە ناکا بەروبوومەکانی جێی باوەڕ و متمانەی کڕیار نین. ئەم کە ئەمە ناکا لەبەرئەوەیە وەستا و کارمەند و شارەزا و پسپۆڕی چاکی لەدەوری خۆی کۆنەکردۆتەوە. ئەم کە ناتوانێ ئەمە بکا چونکە خەزێنەی هزری و سەرمایەی هزری بەتال و بۆشە. ئەم کارگەیە,کارگەی سیاسەتی کوردی, بۆئەوەی بتوانێ بچێتەپێشبڕکێوە, ئەم کارگەیە بۆئەوەی بکارێ شمەکە سیاسیەکانی بێترس و بەفیزەوە لەهەرکوێ بیەوێ ساغکاتەوە پێویستی بە گۆڕینی هزری کارکردنە لەم کارگەیە. واتە پێویستی بە گۆڕینی کارمەند و ئەندازیار و نەخشەی بەرهەمهێنانە لەم کارگەیە. ئەم کارگە سیاسیە بۆئەوەی ببێ بە جێی باوەڕ و متمانەی کڕیاران و کارگەکانی تریش پێویستی بە گۆڕینی سێستەمی کارکردن و بەڕێوەبردنە, هەروەها پێویستیشی بەوەیە کرێکار و خاوەن ئەزموونەکان لەسەر خۆدروستکردنەوە و خۆنوێکردنەوە ڕابهێنێ. ئەمانەش دەبێ بەشێوازێ لەسەر دروستکردن و نوێکردنەوە ڕابهێنرێن زۆر خولقێنەر و داهێنەرانە دواتر بێنەوە مەیدانی کار. کەواتە مەبەست لە گۆڕین لێرە بێکارکردنی کارمەندانی ئەم کارگەیە نیە بەلکو دەستگرتن و ڕاهێنانیانە لەسەر شێوازی تازەو و مەشقی نوێ. تەنیا بەمە و بەم شێوەیە کارگەی سیاسەتی کوردی دەتوانێ لە گەندەل و کۆلاپس دەربازیبێ. چونکە ئەم تەنیا لەم ڕێگایەوە دەکارێ هزر بگۆڕێ و هزرەڤانی نەک سەفسەتەی ڕەوانبێژی بەتال و وازی سیاسی هەرزان بکا بە بناغە بۆ سیاسەتکردن.